Kurdistan Net

کارەساتی "واترگەیت" چی بوو؟

لە ساڵی ١٩٧٣ رسوایی واترگەیت سەروتاری هەواڵنێرەکانی جیهان بوو، سەری گوریسی ئەم رووداوەش لە کۆشکی سەرەک کۆماری ئامریکا سەری هەڵدابوو. رووداوەکە ئاوەها بوو: لە کاتی تێکۆشانی هەڵبژاردنی دوو حیزبی کۆماری و دیموکراتدا، بەڕێوەبەرانی حیزبی کۆماری کە "نیکسۆن" سەرەک کۆماری ئەوکاتی ئامریکا یەکێک لەوان بوو، بە شەو دەڕۆنە نێو بنکەی هەڵبژاردنی حیزبی دیموکرات لە "واتر گەیت"ی واشینگتۆن و بە دزینی بەڵگە و مەدارک و دانانی میکرۆفۆنی نەهێنی و بە دزییەوە گوێگرتن، جۆرە جاسووییەک دژی ئەو حیزبە ئەنجام دەدەن. هاوار و بێدادێکی سەیر و سەمەرە بە دوای ئەم کارەساتەدا سەری هەڵدا و بە وەستان و گرتنی گروپێک کۆتایی پێهات ، کە کەسانێکی زۆر لە کارگێڕانی کۆشکی سەرەک کۆماری بوون. رۆژی ١٠ی ژوییەی ١٩٧٣ دادگایی کردنی ٥ کەس لەوانە دەستی پێکرد و ددانیان بە تاوانی خۆیاندا نا کە شەوی ١٧ی ژوییەی ١٩٧٢ چوونەتە نێو سەنتەری هەڵبژاردنی دیموکراتەکان و دزیان کردووە. ئەم کەسانە سەر بە کومیتەی هەڵبژاردنی دووبارەی "ریچارد نیکسۆن" بۆ سەرەک کۆماری ئامریکا بوون. لە هەوەڵەوە وێدەچوو کە دزینیکی ئاسایی بێ، بەڵام دوو هەواڵنێری رۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست" کەوتنە شوێنی لێکۆڵینەوی رووداوەکە و بەڵگە و فاکتای دزییان دۆزیەوە کە دوایش دەرکەوت فەسادێکی گەورە و شەرمهێنەری بۆ کاربەدەستانی کۆشکی سپی و کەسایەتی "نیکسۆن" بەدواوە بوو.

زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی داوای وازهێنانی "نیکسۆن"یان لە پلەی سەرەک کۆماری کرد. بەم جۆرە رۆژی ٨ ئوتی ١٩٧٤ نیکسۆن یەکەمین سەرەک کۆماری ئامریکا مەجبوور بوو، لە پلە و پایەی خۆی دەست بکێشێتەوە و رۆژی دوایش جێگرەکەی خۆی "ژیرالد فۆرد" ڕێوڕەسمی سەرەک کۆماری بەجێهێنا و بوو بە سەرەک کۆماری ئامریکا.

وەرگێڕانی حەمید تەیموری

٢٠٠٢/٣/٣

سەرچاوە: رۆژنامەی کیهان چاپ لندن.

تێبینی: لەم رۆژانەشدا ئەم کارەساتە بوو بە باسی راگەیێنەرە گشتیەکانی وڵاتی سوێد کە فیلمی ئەو کاتەیان بە کورتی لە هەواڵەکاندا بڵاو کردەوە.